# کورد و تورك، گەڕان بەدوایی ئەلتەرناتیف

خەسرۆ پیربال

لەو کاتەی هەموو ناوچەکە چاوەڕوانی شەڕو گۆڕانکاریەکان بوو، لە کوردستان کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراقی کۆتای پێهات بە گوتارێکی هاوبەشی هەموو هێزە سیاسیەکانی عیراق و کوردستان، هەواڵ و چرپەچرپی دەوڵەتی تورکیا بە هێنانە ناوەوەی سووپای تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان، سەرجەم میللەتی کوردی لەناوەوەو لەدەرەوەی کوردستان هێنایە سەر شۆستەو کۆڵانەکان و بەیەك دەنگ و بەیەك دڵ : هاواریان دژی هەر دەستێوەردانێکی تورکی بەرزکردەوە، لە هەولێری پایتەختی کوردستانەوە هەتا دەربەندە ساردەکانی ئێسکاندیناڤیا ڕێپێوان سازکرا، لە ژێر درووشمی: نا بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی بێگانە و بەتایبەتی تورکەکان بۆ ناو کاروباری کوردستان، دژی هاتنی سووپاو هێزی سەربازی هەزاران ڕۆڵەی کوردی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، بە دڵێکی گەرمەوە، ئامادەگی خۆیان نیشاندا بۆ داکۆکیکردن و خۆبەختکردن لە پێناو یەك ئامانج، ئەویش داکۆکیکردنە لە ئەزموونی دیموکراتی کوردستانی باشوور و پاراستی دەستکەوتەکانی ١٢ ساڵی ئازادی و سەبەخۆیی لە بەشێکی ڕزگارکراوی کوردستاندا.

دیارە ئەم هەڵوێستەی ڕۆلەکانی میللەتەکەمان، لەگەڵ ئەوەش واجبێکی زۆر ئاسایی یە، بەڵام بەهەقیقەت شایستەی ستایش و ڕێزوشانازیەکی زۆریشە. ، هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسی و فەرهەنگییەکان، پێکەوە بەشداریان لەو چالاکییانە کردووە. .

دیارە دەسەڵاتدارانی تورکیا باش ئاگاداری ئەم یەك هەڵوێستیەی میللەتی کوردن لە کوردستانی باشووردا، باشیش مێژووی پەیوەندیەکانی نێوان کورد و توورکیایان خوێندۆتەوە وە دەزانن، کە ئەزموونە تاڵەکانی مێژوو هەرگیز بەو نەوە نوێیەی قۆناغی ئازادی دووبارە نابنەوە، ئەو نەوە نوێیەی تامی دیموکراسی و سەربەخۆییان چێشتووە، هەرگیز ناتوانێت دووبارە بگەڕێتەوە ژێر چەپۆکی تاریکی و دیکتاتۆریەت. ، ئەگەر تەنها پەیامێکی گرینگی ئەم یەك هەڵوێستیەی میللەتی کورد هەبێت، ئەوەیە کە: دەوڵەتی تورکیا دەبێت بزانێت کە هیچ کوردێك مانەوە و دەستێوەردان و حکومڕانی تورکیایان پێ قەبوول نیە، وەپێم وایە کە ئەو پەیامەش زۆر بەباشی گەیشتە ئەنقەرە. !

لەگەڵ ئەوەش، بەسەیرکردنی سیناریۆکانی شەڕوئاشتی لە ناوچەکەدا، وە بە تایبەتی پاش ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتی و ئیسلامی و عەرەبیدا، هیوای دۆزینەوەی چارەسەریەك نەبێ، پرسی شەڕو هێرشی ئەمریکاو وڵاتانی هاوپەیمانانی ئەمریکا، لەگەڵ ئەوانیشەوە تورکیا کە هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، لەبەر هۆی عەسکەری و ستراتیجی، بەشداربوونی هێزی تورکی لەو هێرشەدا، لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانە و کۆششی دەسەڵاتی سیاسی کورد و

حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتە سیاسیەکانی کوردستانی باشوور، دیارە هاتنی هێزەکانی توورکی بۆ ناو خاکی کوردستان، هاوشان لەگەڵ هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا مەسەلەیەکی ئاشکراو دیارە، هەرگیز ناکرێت هێرشی ئەمریکا بکرێت بۆ سەر عیراق بێ ئەوەی توورکیا هێزی خۆی نەهێنێتە ناو خاکی کوردستان. ( ١ ) .

لە بارودۆخێکی ئاواهی، چی بکرێت باشە ؟ چ ئەلتەرناتیفێکمان هەیە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە لەگەڵ توورکیا ؟ ئەو وڵاتەی کە نەوەکوو هاوسێیەتی و یەك ئایین دەمانبەستێتەوە، بەڵکوو گەلێك مەسەلەی فەرهەنگی هاوبەشمان پێکەوە هەیە.

دیارە دەسەڵاتی کوردی لە کوردستانی باشوور، باش دەزانێت کە ڕۆڵی توورکیا ڕۆڵێکی گرینگ بووە لە پاراستنی کوردستانی عیراق پاش سەرهەڵدان و ئەو پەنجەرەیە بووە، کە بەدرێژای ١١ ساڵ خواردن و خۆراك و پێداویستی بۆ بژێوی خەڵك و ئاوەدانکردنەوە، بۆ ناوەوەی کوردستانی باشوور هاتوون، لەگەڵ ئەوەش کە تورکیا سوودی ئابووری و ڕامیاری لەو پەیوەندیانە بینیووە، بەڵام لەهەمان کاتیش، ئێمەش لە کوردستاندا سوودمان لە توورکیا بینیووە، وە ئەمەش حالەتێکی زۆر ئاسایی پەیوەندیەکانە لە نێوان هەر وڵاتێك لەگەڵ یەکێکی تردا.

گەڕان بەدووای ئەلتەرناتیفێك لە پەیوەندیەکانمان لەگەڵ توورکیادا بەخوێندنەوەیەکی خێرا بۆ ڕابردوو و عەقلیەتی توورکی، مەسەلەیەکی هێندە ئاسان نیە ...، بەڵام ئەگەر سەیری بارودۆخی ناوچەکە بکەیین، لە هەمان کاتتدا ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاش بخوێنینەوە، دەگەینە ئەو هەقیقەتەش کە ئەلتەرناتیفی ئێمەش هێندە گران نیە، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، وڵاتێکی گەورەی وەکوو ئەمریکا، لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی خۆی دەربارەی کورد بڵێ : ( ئەگەر توورکیا بۆ ئەمریکا دەروازەیەکی ئیستراتیجی دۆستێك و هاوپەیمانێکمان بێت، ئەوە ئێمە کوردیش بە دۆست و هاوپەیمانی خۆمان دەزانیین) ( ٢ )

بە هەقیقەت ئەو سیاسەتە نوێیەی ئەمریکا، دەروازەیەك و ئاسۆیەکی گرینگ و پۆزەتیفە بۆ ئێمەی کورد، ئەم سیاسەتەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەروازەیەکی نوێ یە بۆ ئێمەی کورد لە کوردستانی باشووردا، وە ئەمە خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوە کە ئەزموونی حوکمڕانی کورد، هەتا ئاستێکی باش توانیویەتی بە ڕاستی لە ئاستی نێودەوڵەتی خۆی بناسێنێت، جگە لەوەی کە توانیویەتی وڵات ئاوەدان بکاتەوە، وەکوو هەر وڵاتێکی سەربەخۆ، بە هەستێکی بەرپرسانە، پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر دروست بکات، لەسەر بنچینەیەکی پتەو ڕێز لەیەکترگرتنی هابەش پەیوەندیەکان گەشە پێبدات وە ببێتە فاکتەرێکی گرینگی ئەمن و ئاسایش لە ناوچەکەدا.

ئەلتەرناتیف لەوە دەبینم، کە ئێمە لە کوردستانی باشووردا، بە توندو تیژی هیچ چارەسەرێك نادۆزینەوە لەگەڵ توورکیادا، نە بە ئاڵا سووتاندنی وڵاتێك و نە بە شەڕکردن لەگەڵیاندا هیچ

ئەنجامێك دەست ناهێنین، میللەتی تورك دۆستێك و جیرانی ئێمەیە، لە فەرهەنگی ئێمەدا گەلێك شتی جوان و وە هەروەها ناشرینمان هاوبەشە !، تەنها بە دانووساندن وباشكردنی پەیوەندیەكان و لەیەكتر گەیشتن دەگەینە چارەسەرەكان، بە خوێندنەوەی عەقلیەتی یەكترو لۆژیكی یەكتر، نەوەكوو بە هێرشكردنە سەریەكترو پێكدادان و قەتل و كووشتاری.

ئەگەر لاپەڕەكانی مێژووشمان هەڵدەینەوە، ئەوە دەبیین كە چەندیین جار شەڕوكووشتار لە نێوان كوردو توركەكان ڕوویداوە، بەڵام لە كۆتایشدا، ئەو دوو میللەتە هەر پێكەوە ماونەتەوە، هەر جیرانی یەكترن و فەرهەنگی یەكتریان زیاترو چڕتر تێكەڵاوی یەكتربووە، وە لە داهاتووشدا هەر وادەبێت.

توركیا، ئەگەر هەر مەترسیەكی هەبێت، دەربارەی هەر مەسەلەیەك، ئەوە دەكرێت بە گفتووگۆو و دانووساندنی هاوبەش دڵنیایان بكرێتەوە، بەڵام لێرەدا دوو خاڵی گرینگ هەن، كە ڕۆڵێكی سەرەكیان هەیە، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێمەدایە لە كوردستانی باشووردا:

١/ زۆر گرینگە كە لەو گفتووگۆیانەدا، ئەمریكا و وڵاتە یەككرتوەكان بەشداری هەر ڕێكەوتنێك بن لەگەڵ توركیادا، پێش هاتنیان ( ئەو هاتنەیان كە جێگای ڕەزامەندی هیچ كوردێك نیە لە كوردستان و لەدەرەوەدا) ، دەبێت بە شێوەیەكی یاسایی و نووسراو ئێمەی كورد بزانیین و ( بە دۆكوومەنت بكرێن) ، كە ئەگەر تووركیا هاتە ناو خاكی كوردستان هاوشان لەگەڵ هێزەكانی ئەمریكادا، ئایا چەند دەمێنێتەوە و كەی دەگەڕێتەوە ؟ دیارە بە گوێرەی سیناریۆكان، دەبێت هێزەكانی تووركیا پاش گۆڕانكاریەكان لە عیراق، بگەڕێنەوە ناو خاكی خۆیان و تەنها ئەمریكا بۆ ماوەی ساڵێك دەمێنیتەوە لە عیراق، بە هەرحاڵ هاتنی سووپای توركیا و پاشانیش گەڕانەوەیان، دەبێت پێش دەستپێكردنی شەڕ دژی عیراق، مەسەلەیەكی ئاشكراو زانراو بێت.

٢/ ڕۆڵی هێزو گرووپە بەرهەڵسكارەكانی عیراقی، ڕۆڵێكی گرینگ و كاریگەرن، دەبێت هەر لە ئێستاوە، باشتر لە مەترسی هاتنی سووپای تووركیا ئاگادار كرێنەوە بۆناو خاكی كوردستان، ئەمڕۆكە ئەو ڕۆژەیە برا عەرەبەكانی عیراق، برایەتی و هاودەردی خۆیان بۆ میللەتی كورد بسەلمێنن. ، دەبێت كۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی و هەموو هێزەكانی تری عیراقی پێكەوە خاوەنی یەك هەڵوێست بن، بۆ داكۆكی لە كوردستانی باشوور لە هەر دەستێوەردانێكدا بۆ ناو كاروباری وڵات.

لەگەڵ ئەوەش جێگای نیگەرانی و دڵتەنگیە كە چارەنووسێكی نادیار چاوەڕوانی ئەزموونەكەمان دەكات و كەس نازانێت نەخشەو ڕۆڵی ئێمە لە كوردستاندا چۆن دەبێت، بەڵام دڵنیام ئەزموونی دووانزە ساڵی حوكمرانی كورد لە بەشێكی ڕزگاركراوی كوردستان، كوردی فێری سیاسەت و

دیبلۆماسی کردووە، فێری ئەوە بووینە کە چۆن پەیوەندیەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بپارێزین، بەڵکوو بەرەو پێشەوەوشیان بەرین. .

خەسرۆ پیربال – فینلەندا لە ٢٠٠٣/٣/٦
Pirbal@hotmail. com

سەرچاوەکان:

١– بەڕێز هوشیار زێباری، بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بەرنامەی ( لە کوردستانەوە) ، شەوی چوارشەممەی ٢٠٠٣/٣/٥ کەناڵی ئاسمانی کوردستان ووتی : ( لەگەڵ هەموو هەوڵەکانمان، دیارە هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا هەر ڕوودەدات) .

٢– وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆڵن پاوەڵ بۆ کەناڵیکانی ڕاگەیاندن. ٢٠٠٣/٣/٣. .

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣